# منالەکانیش هەروەها سیڤیلیەنن«١»

هایریش بووڵ
و: ئەدیب نادر

کورتە بیۆگرافییەک:

هاینریش بووڵ لە ساڵی ١٩١٧دا لەشاری کۆلۆن لەدایکبووەو سەرەتا لە کتێبخانەیەکدا دەستبەکار بووەو ئینجا بەدرێژایی دووەمین جەنگی جیهان لە هێزی پیادەی ئۆردووی ئەڵمانیادا خزمەتی کردووە. پاش ساڵی ١٩٤٥ بەکۆمەڵێ ئیشی هەمەڕەنگەوە سەرقاڵ بووەو هەتا لە ساڵی ١٩٥١دا بووەتە نووسەرێکی فریلانس(ناوابەستە). هەر لەودەمەوە وەکو رۆماننووس، کورتە چیرۆکنووس و شانۆنامەنووسی ئێزگەیی هاتە گۆڕێ. یەکەم رۆمانی کە بەناوی:«شەمەندەفەرەکە رێک لەسەر وەختی خۆیدا هات، بەڵام ئادەم، تۆ لە کوێیت؟» بۆخۆی لە بێ ئومێدی ئەوانەوە هەڵدەقوڵێت کە دەستەویەخەی جەنگێکی سەرتاپاگیریی ببوون، کارەکانی دواتریشی. «لەگەڵ شەودا ئاشنابوون»و «ماڵی پاسەوانی نەکراو» بوون بەرخوردیان لەگەڵ رەوشی پاش شەڕو مۆجیزەی ئیکۆنۆمی ئەڵمانیای رۆژئاوادا بەرقەرار دەکرد. پاشتریش؛(کۆتاهاتنی میشنێک«٢») و «پۆرترێتی گرووپێک لەگەڵ خانمێکدا»و«ئابرووی لە دەستچووی کاتەرینا بلووم» کارە ناودارەکانی ترین. هاینریش بووڵ لە ساڵی ١٩٧٢دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێبەخشراوە.

**دەقی چیرۆکەکە:**

پاسەوانەکە بەتووندوتیژییەکەوە وتی «نا، ناتوانیت».

وتم «لەبەر چی».

«لەبەرئەوەی هاودژی یاسایە.»

«لەبەر چی هاودژی یاسایە؟»

«لەبەرئەوەی ئاوهایە، برادەر، لەبەرئەوەیشە کە، بیمارەکان بۆ چوونە دەرەوە بواریان پێنەدراوە.»

«وەڵێ،» بەشانازییەکەوە وتم: «من یەکێکم لە برینداره‌کان.»

پاسەوانەکە نیگایەکی قێزەوونی پێبەخشیم: «پێم وایە کە ئەمە هەوەڵێن کەڕەتە کە زامدار بوویتە، ئەگینا درکت بەوە دەکرد کە برینداره‌کانیش هەر بەنەخۆش دادەنرێن. رامەوەستە، یەڵڵا بچۆرە ژوورەوە.»

بەڵام من شێلگیریم کرد.

«بەزەییەکت بێتەوە،» وتم: «هەر تەنیا بەنیازم کە ئا لەو کیژە بچکۆلەیە هەندێ کێک بکڕم.»

ئاماژەم بەو جێگایەی دەرەوە کرد کە کیژێکی رووسی بچکۆلانەی قشتیلە لەنێو کرێوەی بەفردا راوەستابوو کێکی دەفرۆشت.

«پێت دەڵێم، بچۆرە ژووری!»

بەفرەکە بەئارامییەکەوە دەباریبە نێو گۆلاوە زەبەلاحەکانی سەر حەوشەو بانی رەشی خوێندنگاکە، کیژە بچکۆلانەکە بە دانبەخۆدا گرییەکەوە ئا لەوێدا وەستابوو، سەرلەنوێ و جارێکی دیش سەرلەنوێ هاواری دەکرد: «خێک... خێک...(٣)

«ئای خودایە،» بەپاسەوانەکەم وت، «زارم ئاوی تێزاوە، لەبەر چی لێناگەڕێیت منداڵەکە بێتە ژوورەوە؟»

«سیڤیلیەنەکان بۆ هاتنە ژوورەوە رێ پێدراونین.»

«ئەی خودای میهرەبان، زەڵام،» وتم، «منداڵەکە هەر تەنها منداڵێکەو هیچی تر.» نیگایەکی دیکەی قێزەوونی پێبەخشیمەوە. «ئەی ئاخۆ من پێم وایە کە منداڵان سیڤیلیەن نین، های؟»

ئەمە لە سەبر بەدەربوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ کەسێک رانەدەبوورد، شەقامە نووتەکە، تەریکەکە لە بەفرێکی غوبارئاسادا پێچرابووەوەو، منداڵەکەیش هەر لە هەمان جێدا تاکوتەنیا راوەستابوو، بانگی دەکرد «خێک...»

هەرچۆنێک بێت بەرەو دەرێ کەوتمە رۆیشتن، بەڵام پاسەوانەکە بەهۆی ئاسینەکەمەوە پرکێشی کردم و بەتووڕەییەکەوە شیتاندی: «بگەڕێوە، ئەگینا سارجێنتەکە«٤» بانگ دەکەم!»

«تۆ گەمژەیەکی لەعنەتاویت،» منیش ئەئاوا بەگژیدا چوومەوە.

«بەڵێ ئەوە راستە،» پاسەوانەکە بەخۆشنوودییەکەوە گوتی. «هەرکەسێک کە هێشتاکە خودانی هەستێکی ئەرکمەندیی بێت لە لایەن پیاوگەلی ئێوە ئاساوە بەگەمژەیەکی لەعنەتبار لەقەڵەم دەدرێت.»

بۆ نیو خولەکی دیکەیش لەنێو کرێوەی بەفرەکەدا وەستام، دەمڕوانییە ئەو کلووە سپییانەی کە دەبوونە قوڕو لیتاو، سەرانسەری حەوشەو بانی قوتابخانەکە تژی ببوو لە گۆلاو، لێرەولەوێدا خاڵ خاڵی دوورگە چەرمووە بچکۆلانەکان چەشنی تۆزە شەکر ئۆقرەی گرتبوو. لەپڕێکا کیژۆڵە بچکۆلانەکەم بینی چاوی لێ قرپاندم و بەبێخەمییەکی نومایانەوە دوورکەوتەوەو بەجادەکەدا شۆڕبووەوە. منیش بەدیووی ناوەوەی

دیوارەکەدا پیبەپێ دووی کەوتم.

«نەفــرەت لە هەمــوو شــتــێک،» کــەوتمە تێـفکرین،«ئاخـۆ لەڕاسـتـیـدا من نەخـۆشم؟»و ئەوسایش تێبینی کەلێنێکی نیو دیوارەکەم کرد کە لەتەنیـشت مـیـزگـاکـەوە«٥» بوو، لە دیووەکـەی دیکەی کـەلێنەکـەیشـەوە کـیـژە بچکۆلانەکـە بەکـێکەکـانەوە راوەسـتـابوو. ئیدی پاسەوانەکە پێینەدەکرا ئالێرەدا بمانبینێ.«ئینشـالّلا خـۆهەر هەستە ئەرکمەندییەکەت پیرۆز دەکات.» ئەئاوا تێفکریم.

کێکەکان نایاب دیاربوون: قاشە ماکەروونی و کرێماوییەکان«٦» باتەرمیلکە تویستەکان«٧»و نەت سکـویرەکـــان«٨»یش بـەچەوریـیــــەوە دەدرەوشـانەوە.«چەند باییـیـە؟» لە منداڵەکـەم سۆراغ کرد.

کیژەکەیش خەندئامێزانە، سەبەتەکەی بەرەو لای منەوە هەڵبڕی و، بەدەنگە گەرموگوڕەکەی خۆی وتی:«دانەی بە دوو مارک و پەنجایە.»

«هەرهەموو هاونرخن»

«بەڵێ،» سەری لەقاندەوە.

بەفرەکە کەوتبووە سەر پرچە زەردفلە جوانەکەی، گەردێکی زیووینی بەلەز پۆدرەکاری ئەوی دەکردو زەردەخەنەکەیشی ئەفسووناوییەکی تەواو بوو. شەقامە نووتەکەکەی پشتەوەی کیژۆلەکە خەڵوەت بوو، جیهانیش مردوو دەهاتە بەرچاو...

باتەرمیلـک تویستێکم قۆزتەوەو کەوتمە قەپاڵ لێگرتنی. بەلەزەتاوی و خۆش بوو، مارزیپانیشیان «٩» لـەنـاودا هـەبـوو.«ئـەهـا» کـــــەوتمە بیرکـردنەوە،«هەر بۆیە ئەمـانەیش نرخیـان بەقەدەر نرخی ئەوانی ترە.»

کیژە بچکۆلەکە کەوتبووە زەردەخەنە.

«خۆشە؟» پرسی«خۆشە؟»

منیش سـەرم لەقـاندەوە. بەتەنگ سـەرمـاکـەوە نەهاتم. لەبەرئەوەی برینپـێـچـێکی ئەسـتـوور لە دەوری سـەرمـدا بوو وایلێکردبووم کـە گـەلێک رۆمـــانـتــیـکـیــانە«١٠» بەدیاربکەوم. کـــرێم سـلازێکم«١١» تاقـیـکردەوەو لێگەڕام کـە ئەو کـەرەسـتـە بەتامـوچێـژە هێدییـەک لەنێـو زارمـا بتوێتەوە. دووبارەیش زارم ئاوی تێزایەوە...

«بنۆڕ،» بەچپـەوە گـوتم،«من سـەرپاکی دەبەم، چەند دانەی تێدایە؟» کیژۆڵەکەیش لە کاتێکدا کە من نـەت سکـوێرێکم لووش دەدا بـەدیقــــەتەوە، بەسـەری قـامکە ناسک و نیـانە لەڕاسـتـیـدا چڵکنەکـانیـیـەوە کـەوتبـووە ژمـاردن. گـەلێک کشومات بوو، تەقریبەن وەها دەهاتە بەردیدە وەک بڵـێی چنین ئارایـیـەکی نەرمـونیـان و لەسـەرەخۆی پڕووشـە بەفـرەکـانی نێـو هەوا لە ئارادابێت. زۆر بەهێواشی حسێبی دەکرد، یەک دوو دانە هەڵەیشی کردوو، منیش هەر لەوێدا بەخامۆشییەکی فرەوە راوەستابووم خەریکی خواردنی دوودانە کێکی تر بووم. ئەوسـاکـە بـەپڕتاو چاوەکـانی پیـامـدا هەڵهێناو، ئا لەو گۆشە شڵەژێنەرەیشەوە بوو کە گلێنەکـانی سـەرەوژوور سـەریانکردو سـپـێنەی چاوەکـانیـشی وەکـو شـینایی تەنکی شـیـری بێ سـەرتوێژ وابوون. بەڕووسی شـتـێکی بەکـژمـدا بڵــمـاند، بەڵام من بەخـەندەیەکـەوە شـانەکـانم هەڵتـەکـاند، لەو ئانەدا ئەو چەمـایەوەو بە پەنجـە بچکۆلە قرێژاوییـەکانی ٤٥ێکی لەنێـو بەفـرەکـەدا نووسی؛ منیش پێنجی دیکەی خۆمم خستە سەری و وتم: «دەبا ســەبەتەکـــەیش هەر بۆمن بێت، دەمدەیتێ؟» سەری لەقـاندەوە، بە لەسەرخۆییەوە لەو میانەی کەلێنەکەوە سەبەتەکەی دایە دەستم و،

منیش دەستبەجێ جووتێ کاغەزی سەد-مارکیم بەرەو ئەو ڕەوانەکرد. ئەوسا پارەی خەرجکردنمان پێبوو، رووسەکان حەوسەد مارکیان بەپالتۆیەک دەداو، بۆ سێ مانگیش دەچوو جگە لە قوڕولیتەو خوێن و هەندێ سۆزانیی و پارە بەولاوە هیچی دیمان نەدیتبوو.

بەسرتەسرت گوتم،«سبەینێ وەرەوە، باشە؟»، بەلام کیژۆڵەکە ئیتر چیدی گوێی ڕانەدەدێرا، خێرا هەروەک تروکەیەک بۆ دەرچوو، کاتێکیش بەداخەوە کە کەللەم لەمیانی کەلێنی نێو دیوارەکەدا گیربوو ئیتر رەوی بووەوەو، هەر بەتەنها جادە رووسییە کپوماتەکەم دیت، نووتەک و چۆڵوهۆڵ، وێدەچوو کە ئیدی بەفرەکە هێور هێور خانووە سەربان تەختەکان گۆڕەوشار بدات. بۆ کاتێکی دوورودرێژخایەن لەوێدا وەستام، بەگیانلەبەرێکی چاو-خەماوی دەچووم کە لەمیانەی تەیانێکەوە بڕوانێتە دەرەوەو، هەر تەنها ئەودەمەی کە هەستم کرد ئەسکوردم خەریکە رەق و سفت دەبێت سەرم بۆ نێو گرتووخانەکە کێشا ناوەوە.

بۆ هەوەڵێن جاریش بوو کە لە سیلەکەوە تێبینی بۆگەنیی هێرکەری میزگاکە بکەم و، سەرجەم ئەو کێکە بچکۆلانە خۆشانەیش تێبینی بکەم کە بەتۆزقاڵە ئایسینگ شوگەرێکی(١٢) بەفر داپۆشرابوون. بەحەسرەت کێشانێکەوە سەبەتەکەم پڕدایەو بەرەو بینایەکە هەنگاوم هەڵنا، هەستم بەسەرمایی نەکرد، ئائەو برینپێچە شێوە-ڕۆمانتیکییە لە دەوری سەرمدا بوو دەمتوانی بۆ کاژێرێکی تریش لەبەر بەفرەکەدا بوەستم. لەوێندەر نەمامەوە، چونکە هەردەبووایە بچمە شوێنێک. پیاو هەردەبێ بڕواتە شوێنێکەوە، ئەی نابێ بچمە شوێنێکەوە؟» ناکرێت هەر لەو ناوەدا بوەستی و بهێڵێت لەنێو بەفردا بنێژرێیت. هەردەبێ بچیتە جێگایەکەوە، هەتاکو ئەگەر لە ولاتێکی زێدە تاریک و رەش و غەوارەیشدا بریندار بوویت..

**پەراوێزەکان:**

١- Civilon : ناسەرباز. مەدەنی. خەڵکی ناسووپایی و ئاسایی.
٢- Mission : پەیام. مەئموورییەت.
٣- Khakes : بەزوبانێکی منگن واتا کێک.
٤- Sergeont : باشچاوەش. بەرپرسی پاسەوانان.
٥- Urinal : شوێنی میزکردن. جێمیز.
٦- Macaroons and Cream :
٧- Butter milk twists :
٨- Nut Squares : ئەمانە جۆری شیرینین.
٩- Marzipan : جۆرە شیرینیەکە.
١٠- Romantic : خەیاڵی عاشقانە.
١١- Cream slice : جۆرە شیرینیەکە.
١٢- Suger - Icing : تۆزەشەکر.

**زێدەر:**

Heinrich Böll
Chilren are ciuilions too
Translated from the German by
Leila vennewitz
penguin Books 1977